# جینۆساید و زانستی سەلماندن

**ریپۆرتاژ: لویس سیمۆن**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:**

**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

خوێنەری بەرێز

ئەم ریپۆرتاجە رۆژنامەنووسی ئەمریکی (لویس سیمۆن) ساڵی 2005 لە عێراق کردوویەتی‌و لە کانونی دووەمی 2006دا لە گۆڤاری (ناشناڵ جوگرافیک (National Geographic بڵاو بووەتەوە، کە تەنها بابەتی زۆر بایەخدارو گرنگ لە ئاستی جیهانیدا بڵاو دەکاتەوە.

بابەتەکە باس لەو کارە زانستیە دەکات کەوا زاناو پسپۆرە ئەمریکییەکان لە بواری گۆڕ هەڵدانەوەو لێکۆڵینەوەکانی پزیشکی دادوەری (فۆرێنسیک) لە گۆرە بە کۆمەڵەکانی عێراقو روفاتی قوربانییەکاندا ئەنجامیانداوەو بەتایبەتی لەسەر ئێسکو پرووسکی قوربانییە کوردەکانی ئەنفالدا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم خوێنەری ئێمە ئاگای لە هەندێك لەو کارە زانستیانە بێت کە لەو دەمەدا گوزەراوە.

**وەرگێڕ**

له بیابانەکانی عێراقدا توێژەرانی شوێنی تاوان بەڵگەی نوێی فۆرێنسیکی رژێمە بکوژەکەی سەددام حوسێن دەدۆزنەوە. دۆزینەوەو ڕووهەڵماڵینەکانی ئەوان دەنگدانەوەی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵانەی لێدەکەوێتەوە لە سەدەی رابوردوودا، کە خوێناویترینە لە مێژووداو هیوای ئەوە دەبەخشێت کەوا بکوژە بەکۆمەڵەکانی پاشەرۆژ بهێنرێنە بەردەمی دادگا.

لە سەدساڵی رابوردوودا زیاد لە پەنجا ملیۆن کەس بە شێوەیەکی سیستماتیکی کوژراونو مۆرکی سەدەی بەکۆمەڵ کوشتنیان پێوە ناوە: لە ساڵی 1915تا 1923 تورکە عوسمانییەکان زیاد لە ملیۆنونیوێك ئەرمەنیان قەتڵوعام کردووەو لە ناوەڕاستی سەدەدا (واتە سەدەی بیست) نازییەکان شەش ملیۆن جوولەکەیان قڕ کردو سێ ملیۆن دیلی جەنگی سۆڤیەتیو دوو ملیۆن پۆڵەندیو چوار سەد هەزار خەڵکی «ناشایستە» یان لەناو برد. ماوتسی تۆنگ سی ملیۆن خەڵکی چینی کوشتووەو حکوومەتی سۆڤێتیش بیست ملیۆن هاوڵاتی خۆی کوشتووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی 1970 دا کۆمۆنیستەکانی خمێر ڕووج ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار هاوڵاتی کەمبۆدیان کوشتووە. لە ساڵانی 1980 کانو سەرەتای نەوەدەکاندا حیزبی بەعسی سەددام حوسێن سەد هەزار کوردی کوشتووەو سوپای رواندا بە سەرکردایەتی خێڵی هۆتۆی حوکمڕن هەشت سەد هەزار کەسی لە کەمینەی نەتەوەیی تووتسی کوشتووە لە ساڵانی 1990 کانداو تائێستاش جینۆساید لە هەرێمی دارفووری سوداندا هەر بەرێوە دەچێت. بێگومان بە ژمارەدا دیارە کە ئەمانەو کوشتارەکانی تر سەدەی بیستەمیان کردووەتە خوێناوترین قۆناخی مێژووی مرۆڤایەتی. لە ساڵی 1944 دا رافاییل لیمکین کە توێژەرێکی جوولەکەی پۆڵەندییەو نزیکەی هەموو خێزانەکەی لە دەستدا لە هۆلۆکۆستی نازیدا وشەی»جینۆساید»ی کردە هاوناوی کوشتاری بە کۆمەڵو لە دوو برگە پێکهاتووە کە «جینۆس genos » بە زمانی گریکی واتای خێڵ یان خێزان دەگەیەنێتو «ساید cide »بە زمانی لاتینی واتای کوشتن دەگەیەنێت. چوار ساڵ دواترو پاش دادگاییەکانی نۆێرمبێرگ تاوانی جینۆساید لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدانرا وەك لەناوبردنو تێکشکاندنی ئەنقەستی گروپێکی رەگەزی یان ئیتنیکی یان ئاینیی. ئەمرۆ زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان کوشتاری سیاسیشیان خستووەتە سەر ئەم پێناسەیە.

پۆڵ رۆبنشتاین زۆرێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لە هۆلۆکۆستدا لە دەستداونو کاتێ پێکەوە بووینو ئۆتۆمبیلەکەمان بە نێو بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکی دەئاژوا لە نزیك بەغدا بە ئەسپایی پێیوتم» دواجار خەڵکی وتیان هەرگیز نابێت ئەمە ڕووبداتەوەو وائێستا منیش هاوکاریی پەرەپێدانی زانستی لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە کارە دەکەم» و پاش کەمێك بێدەنگی وتی «بیهێنە بەرچاوی خۆت کەوا کارێکی چەند گرانە من ببمە پێشەنگی زانستی کوشتارە بە کۆمەڵەکانو گۆڕستانە بە کۆمەڵەکان. ئەمە لەم رۆژگارەدا نەدەبوو ڕوودات».

رۆبنشتاین زانایەکی ئەنسرۆپۆلۆجی (زانای مرۆڤناس – و)و کارمەندێکی مەدەنییە لە فەیلەقی ئەندازیاریی سوپای ئەمریکیدا، هەروەها جێگری بەڕێوەبەری تاقیگە فۆرێنسیکەکانە لە کەمپی سلایەری نزیك بەغدا. (فۆرێنسیك forensic بە واتای پزیشکی دادوەری یان عەدلی دێت بۆ پشکنینی ئێسك‌و پرووسکی قوربانییان لە رووی جیاوازەوە و ئەڵبەتە وشەی فۆرێنسیك مانایەکی فراوانترو فرە رەهەندتر دەدات لە دەستەواژەی پزیشکی دادوەری – وەرگێر(.

بۆ ماوەی دوو ساڵ و تەنانەت کاتێ دەستوەشاندنی نەیارە عێراقییەکان بەشێوەیەکی مەترسیدار گەشەی کردبوو، رۆبنشتاین‌و تیمێکی بچووکی زانایان و توێژەران، کە زۆربەیان ئەمریکی‌و ژمارەیەکی کەمیشیان لە وڵاتانی هاوپەیمانەوە هاتبوون، گۆڕیان هەڵدەدایەوەو ئێسك‌و پرووسکیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەردەهێناو لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی فۆرێنسیکەوە بەشەکانی پەیکەرە ئێسکیان پێکەوە دەناو پشکنینیان دەکرد بۆ پاشماوەی جلو بەرگو ناسنامەو خشڵ‌و وێنەو فەرمانی دەسگیرکردنی حکومی، کە ئەمانە تێکڕا پێکەوە نهێنییەکانی ئەو مەرگەیان ئاشکرا کردووە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە قوربانییەکان کێ بوون‌و لە کوێوە هێنراون‌و کێ کوشتوونی‌و چۆن‌و کەی‌و بۆچی. وەك کاربەدەستە ئەمریکییەکان دەڵێن کەوا لە ساڵی 2004 وە سەدان ئێسکە پەیکەر لە گۆڕ دەرهێنراون‌و رادەستی تیمی فۆرێنسیك کراون.

هەرچەندە ئەو ژمارەیە زۆر کەمە لە چاو تێکڕای ژمارەی کوژراوە عێراقییەکاندا بەڵام کۆششەکە پێشەنگێکی هێجگار گەورەی کارێکی زانستییەو بە تێکڕا ئامانجیان بنیاتنانی کەیسە یاساییەکان بووە بە مەحکەمی.

کاری فۆرێنسیك لە کەمپی سلایەردا بە سەرپەرشتی وەزارەتی دادی ئەمریکی ئەنجامدەدرێت‌و ئەڵبەتە وەزارەتی داد پێشتر کاری خۆی لەوەدا چڕ کردبووەوە کە بیسەلمێنێت کەوا سەددام حوسێن بکوژی بەکۆمەڵە چون ئیدارەکەی بوش ئەوەی دەردەبڕی کە هۆکاری هێرش کردنە سەر عێراق (چەکی کۆکوژەو پەیوەندیی بە 11ی سێپتەمبەرەوە هەیە)و ئەمەش درۆ دەرچوو. تائێستا هەرچەندە ژمارەی کوژراوان رۆژ دوای رۆژ زیاد دەکات‌و مەزەندەی کوژرانی 26 هەزار عێراقی‌و دوو هەزار ئەمریکی دەکرێت تا کۆتایی ساڵی 2005، بەڵام گرنگی‌و بایەخی بەهای لێکۆڵینەوەو پشکنین جەنگ‌و سیاسەتی تێپەڕاندووە تا ئەم کات‌و ساتە.

ئەگەر پسپۆرانی فۆرێنسیك بیسەلمێنن کە سەددام حوسێن‌و بکوژانی تری بەکۆمەڵ دەتوانرێت بە سەرکەوتوویی ببرێنە بەردەمی دادگا، پێدەچێت هاوکار بن لە بنیاتنانی خۆپارێزییەکی کاریگەر دژ بە جینۆسایدەکانی داهاتوو. بە هەرحاڵ دەکرێ ئەمە هیوایەکی ئایدیالیستی بێت.

دەزگاو دامەزراوەکانی فۆرێنسیك بەشێك لە گۆڕەپانی کۆشکێکی جارانی سەددام حوسێن دەگرێتەوە، کەوا رۆژێك لە رۆژان جێگەی حەوانەوەو رابواردن بووە بە مەلەوانگەو دەریاچەی بەلەمەوانییەوەو ئێستا پڕە لە ئانتێنو ئاریەڵی جۆراوجۆرو سینی سەتەلایتو لە خزمەتی ئۆپەراسیۆنی CIAوFBI و دەزگاکانی هەواڵگریی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندایە. رۆبنشتاین بە پیاسەو بەنێو پەرژینێکی سپی نامۆو نەگونجاودا، کە مێخی داکوتراو بوون، بردمی بۆ کۆمەڵە خێوەتێکی پڕ رۆشناییو ساردیو گەرمی دابینکراوو لێرە چاوم کەوت بەو شارەزاو پسپۆڕانەی خەریکی پشکنینو تیشکبەرداریو وێنەگرتنی پەیکەرە ئێسکەکان بوونو توێژینەوەیان لەسەر جلو بەرگو کەرەستە بەجێماوەکانی وەك خشڵو جزدانو ناسنامە حکوومییەکانی قوربانییەکان بوون. هەروەها نموونەی ئەو کونە گوللانەی کەللە سەرەکانی دابێژابوو لەگەڵ ئەو پۆشاکانەی کەوا زۆرێکیان پانتۆڵی دەڵب بوونو تایبەت بوون بە پیاوانی کورد. لەم کاتەدا بە وردی سەرنجم دەدا لەو کارتۆنانەی پڕ بوون لە کەللەسەرو پارچەیەك کانزا بەسترا بوو بە هەر یەکەیانەوەو لە توورەکەی پلاستیك کرابوونو لە پڕ سەرنجم چووە سەر بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە فۆرێنسیك چەشنی CSI و Crossing Jordan ئەمانەش لە ڕاستیدا مایەی خۆشنوودی نەبوون.

رۆبنشتاین بەتەواوی سەرقاڵی زۆربەی کارەکان بوو. من پێموایە ئەمە رێگەو شێوازێکە بۆ ئەوەی ئەم پیاوە خۆی بپارێزێت نەك تەنها لە رۆژنامەنووسێکی تاقیبکەر بەڵکو لەو مۆتەکەیەش کە رۆژانە لەگەڵی دەژی. بەم پێیە ئەو دەسبەرداری پاسەوانەکەشی بووبوو. لە دەردە دڵێکدا دەیوت» کاتێ کە تۆ کار لەسەر قوربانییەکان دەکەیت، بەتایبەتی منداڵانو جلو بەرگیان، مەمکە مژەی منداڵانو پێڵاوە بچووکەکانیان، رێك وەك ئەو پێڵاوانەی کە ئێمە پارساڵ بۆ منداڵە بچووکەکانی خۆمانمان کڕیو دەستە بچووکەکانیان هێند لە مردندا کاریگەرن، بەڕادەیەك کە لە پەلوپۆ دەکەویتو ناتەوێ بچیتە ناو مێشکی ئەو دەعباو جانەوەرانەوە کە ئەم کارەیان کردووە. تۆ بڕوانە کڵاوقۆچکەیەکی جوان چنراوی منداڵێك کە دوو کونی فیشەکی پێوەیەو بیری لێبکەرەوە ئەمە هی منداڵەکانی خۆتن»

هەندێ جار بکوژان بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ پیاوو ژنو منداڵدا کردووە. رۆبنشتاین دەیوت» پیاوەکان شوێنەواری ئەشکەنجەیان پێوە دیارەو چاویان بەستراوەتەوە ژنەکان بە زۆری لەگەڵ منداڵەکانیان بوونو ڕەنگە جۆرە بەزەییەکیان بەرانبەریان نواندبێتو پێکەوە گوللەباران کرابێتنو خستبێتیاننە خەنەك یان چاڵێکی نزیکەوەو ئەمە هەمووی بەڵگەی روونی لەسەرە نەك گومان».

یەکەم هەنگاوی پشکنینو شیکردنەوەی فۆرێنسیك ئەوەیە کە لابردنی جلوبەرگو هەر شتێکیتری ناسینەوە لە پەیکەرە ئێسکەکە دابێت پێش ئەوەی پسپۆڕان دەست بکەن بە پشکنینی روفاتەکە. ئەمەیان، جۆن بایزەوەی باسی دەکات کە ژنە زانایەکی ئەنترۆ پۆلۆجیای فۆرێنسێکە لە زانکۆی پیتسبورگو دەڵێ بۆ دڵنیابوونە لەوەی کەوا پسپۆران هیچ

تەرەفدارییەك نەكەن لەبارەی قوربانیانەوە. بایزەوەی ئیشارەتی بۆ كونێكی لای سەرەوەی كەللە سەرێك كرد كە گوللە لێوەی چووەتە ژوورەوەو پاشان كونی شوێنی دەرچوونەكەی لای چاڵی چاوی چەپەوە لەگەڵ درزێكی لقو پۆ دار لە لای روومەتی چەپیەوە ئەوجا پاش ئەوەی ئەم خانمەو پسپۆرە ئەنترۆ پۆلۆجییەكانی تر زانیارییەكانیان پێكەوە گرێدا لە پرۆفایلێكی بایۆگرافیدا بۆ نموونە» مێینەیە، لە ناوەڕاستی سییەكانی تەمەندایە، باڵای پێنج پێیە..تاد»، ئیدی ئێسكەكانیان پێكەوە نووساندو هەموو كەرەستەو پاشماوە پەیوەندیدارەكانیان خستەوە تەكی.

چەند هەنگاوێك لەولای كاركردنی بایزەوییەوە، تیم ئەنسۆن، كە زانایەكی ئەنترۆپۆلۆجیی ئوسترالییە لە زانكۆی ئەدەلاید، بەشێكی پەیكەرە ئێسكێكی پیشاندام كە لە گۆڕێكی نزیك حەزەر دەرهێنرا بوو لە دووریی 55 میل لە باشووری رۆژئاوای مووسڵەوە. ئەوەی بە ئاشكرا دیار بوو لەو پەیكەرە ئێسكەدا تەنها بەشی پشتەوەی كەللە سەرەكە مابۆوە. ئەنسۆن پێی وتم كەوا»تەواوی دەموچاوی پەڕێنراوە» هەروەها تێبینی ئەوەشی كرد كە باسكی قوربانییەكە هێشتا پێستەكەی پێوە ماوەو شانەكانی وەك مۆمیاكراو هێشتا تەڕاییان تێدا ماوەو وای لێكدایەوە كە تەرمی ئەم كەسە لە قووڵایی 12–14 پێدا نێژراوەو بۆیە لە پاش بیست ساڵ لە ژێر خاكدا هێشتا هەندێ شوێنی تەرمەكە چەوری‌و شانەی نەرمی پێوەیە، لەكاتێكدا ئەو بەشانەی لای سەرەوەن تەنها ئێسقانە رووتەكەیان ماوەتەوە.

لە خێوەتێكی نزیكی ئەولاتردا جیم كیستەری كارمەندی تیشكبەرداری بە ئامێرێكی فاكسیترۆن كارەكانی خۆی پیشاندەداو لە رێگەی تیشكبەرداریی ئێسقانەكانەوە سەرچاوەی شۆكو تراومای دیاری دەكرد. ئەو قەفەزە سینگێكی دابووە بەر رۆشنایییەكی گەورەو لە سندووقێكی تایبەتداو ئیشارەتی بۆ گوللەیەك دەكردو دەیوت «ئەم پیاوە یانزە گوللەی بەركەوتووەو بە ئازارێكی زۆرەوە كوژراوە».

كیستەر رای وایە كەوا تۆمەتباران لە دادگاییەكانی بەغدادا هەوڵدەدەن وایبگەیەنن كە ئێسكە شكاوەكان هی پاش مردنن‌و بەم پێیە بەڵگەی سەلمێنراو لەبەردەستدا نین، «بەڵام ئەم وێنانە چیرۆكێكی تر دەگێڕنەوە» وەك كیستەر دەڵێ: ئەڵبەتە تیمی فۆرێنسیك ئەو پەڕەكەی 15٪ی پەیكەرە ئێسكە پشكنراوەكانیان دەسنیشان كردووە بۆ كاركردن لەسەریان. ئەم ئەنجامانە لە راپۆرتێكی گەورەدا كۆ دەكرێنەوە لەلایەن فەیلەقی ئەندازیاریی سوپاوەو راپۆرتەكە بڵاو ناكرێتەوە بۆ رای گشتی تا دادگاییەكان كۆتاییان پێدێت‌و بە بارێكی تردا چەند دەیەیەك دوای كۆمەڵكوژییەكانی عێراق كە لە ساڵی 1987وە دەستپێكردووە. كاتێ كە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق لەگەڵ ئێرانی دراوسێدا هاتە كۆتایی، سەددام حوسێن فەرمانی دا بە سوپا قاڵبووەكەی بۆ سزادانی كۆمەڵی كەمینەی كورد كەوا زۆرێكیان پاڵپشتیی ئێرانیان كردبوو. سەددام حوسێن ئەم بەشداری‌و تێوەگلانەی كوردی كردە بەهانە بۆ لەناوبردنی دانیشتووانە كوردەكەی، كەوا دەمێك بوو بووبوونە دڕكی ژێرپێی. لەو دەمەدا پەلامارەكە پاش زیاتر لە ساڵێك نزیكەی سەد هەزار كەسی لێ كوشتن

(هەرچەندە هەندێ گرووپی پەیوەندیداری عێراق ژمارەکەیان گەیاندووەتە 182 هەزار) کە هەزاران کەسی بەرکەوتووی چەکی کیمیاییش دەگرێتەوە. زۆربەی قوربانییەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵی نهێنیدا شاردرانەوە.

لەنێو ئێسکو پرووسکەکاندا چەندین کەرەستەو شتی ژیانی سادەی رۆژانە پەرشو بڵاو بووبوونەوە چەشنی سەتڵی سپی پلاستیکی ماست، گوارەو ئەنگوستیلە، ناسنامە، سەعاتی پلاستیکی، پێڵاوی منداڵ.

ئەگەرچی باسو خواسی ئەم کوشتارە دەسبەجێ تەشەنەی کرد بۆ ڕای گشتی، بەڵام لەوکاتەدا ئیدارەکەی سەرۆك رۆناڵد ریگانو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێدەنگییان لێکرد، چونکە ئەو ئیدارەیە لەو دەمەدا چالاکانە پشتگیریی عێراقی دەکرد دژ بە ئێرانو حکوومەتی ئەمریکی بڕیاری دابوو سەددام حوسێن گوناهبار نەکات. ئەو رەنگە بکوژی بە کۆمەڵ بێت بەڵام دەردی قسەکەی سەرۆك لیندن جۆنسن لەبارەی ڤێتنامی باشووری هاوپەیمانەوە، دەبێ پشتیوانی بکوژی هاوپەیمانی خۆمان بکەین.

رۆبنشتاین دان بەوەدا دەنێت کە لەم ئەرکەیدا زۆر بە کەمی گرنگیی داوە بە دابینکردنی بەڵگە بۆ دادگاییەکانو رێکخستنەوەی ئێسکو پرووسکی هەزاران تەرم پاش دەرهێنانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانو رادەست کردنەوەیان بە خێزانەکانیان جێ بایەخی یەکەمی ئیدارە نیە (واتە ئیدارەی ئەمریکی–و) ئەگەرچی هەندێك لە ئەندامانی تیمەکە رەنگە بمێننەوە بۆ یارمەتیدانو هاوکاری کردنی عێراقییەکان. لەم رووەوە رۆبنشتاین دەڵێ « پێویستە ئەمە بۆ عێراقییەکان جێبهێڵرێتو ئێمە بەشێکین لە پرۆسەی سزادانی یاساییو بۆیە لێرەین کەوا هەمان ئاستی بەڵگەو سەلماندن دابین بکەین کە لە دادگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەکار دەهێنرێت.»

لە کەناری باشووری بەریتانیا، کە جیهانێکی دوورە لە عێراقەوە بەڵام لە مەسەلەی مەرگو کوشتاردا هاوبەشە لەگەڵی، من سەردانی خاتوو مارگرێت کۆکسم کرد لە حەرەمە نوێکەی زانکۆی بۆرنماوس. کۆکس کە زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجیو شوێنەوارناسە، سەنتەری فۆرێنسیکی نێودەوڵەتی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی جینۆساید بەڕێوە دەبات

International Forensic Centre of Excellence for the Investigation of Genocide

لە ساڵی 2004 دا کۆکسو هاوکارەکانی راهێنانیان بە 33 عێراقی کرد لە بواری زانستی گۆڕهەڵدانەوەو ناسینەوەی روفاتدا.(لە سەردەمی حکوومەتی سەددام حوسێندا عێراق ژمارەیەکی کەمی پسپۆری فۆرێنسیکی هەبوو بۆ خزمەتکردنی

دانیشتوانێکی 26 ملیۆنی). لە پاش کۆرسێکی ڕاهێنانی پێنج مانگی و ڕاهێنانی پراکتیکی لەسەر گۆڕێکی بەکۆمەڵی وەهمی کە پەیکەرە ئێسکی پلاستیکیان تێخرا بوو گرووپەکە گەڕانەوە بۆ عێراقو لەوێ کەوتنە کارکردن لە هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی ڕاستەقینەداو زانیارییە نوێکانیان دەگواستەوە بۆ عێراقییەکانی تر. لە کاتی سەردانەکەی مندا دوانزە ڕاهێنراوی کارامەیان گەڕابوونەوە بۆ بۆرنماوس، بۆ ئەوەی زانیاریو شارەزاییان زیاتر پەرەپێبدەن.

کۆکس هیوایەکی زۆری لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە ئەم زانستی پشکنینو لێکۆڵینەوەی ئەو لێرە خەڵکی لەسەر ڕادەهێنێتو فێریان دەکاتو بەو پێیە زاناو پسپۆرەکانی فۆرێنسیك ئەم بوارە پەرە پێدەدەنو چاوەڕێی کاری زۆرباشیان لێدەکرێت بۆ سەدەی نوێ(واتە سەدەی بیستو یەك) و دەڵێت» من بەشێوەیەکی گونجاو بەڵگەی فۆرێنسیکم کۆ کردووەتەوەو بە ڕادەیەك کە لەبارەی خۆیەوە قسە بکاتو تێگەیشتن لەبارەی ئەوەی کە فۆرێنسیك دەتوانێت پەردە لەسەر ئەنجامدەران هەڵماڵێت ڕەنگە بایی ئەوە کاریگەر بێت کەوا کردەوەیەکی جینۆساید ڕابوەستێنێت پێش ئەوەی روو بدات». ماوەتەوە بزانین چۆن دەبێ بەڵام ئەگەر هەر روویدا ئەوە فۆرێنسیك دەبێتە بەهێزو کاریگەری ئەو زانستەی لە پێناوی بەرژەوەندیی مرۆڤایەتدا دەکەوێتە گەڕ.

لەگەڵ کۆکس چووینە شارۆچکەیەك کە چەند میلێکی کەم لە حەرەمی زانکۆکەوە دوور بووو لەوێ چووینە ناو زنجیرەیەك بینای کۆگاو عەمباری ڕەنگ قاوەیی بێ ناونیشانەوە. لەوێ کە هۆدەیەکی ڕۆشنی دیوارسپی کە لە شێوەی مەیتخانەیەکی بچووکدا چێکرابوو، کۆکس پیاوێکی عێراقی پێناساندم کە یەکێك بوو لەو کەسانەی خۆبەخشانە دەستیان لە پێشە و کاری جۆراوجۆریان هەڵگرتبوو لە بەغداو هاتبوونە بەریتانیا بۆ فێربوونی ئەم زانستە ترسناکە.ئەو کەسەی کە من قسەم لەگەڵ کردو لێرەدا لەبەر سەلامەتی ژیانی بە (س) ناوزەدی دەکەم، ئەوپەڕی دڵگەرمو بەئومێد بوو سەبارەت بە ڕۆڵی سێنتراڵ ئەندامانی ئەم گرووپە لە یارمەتیدانو هاوکاری کردنی ملیۆنان عێراقی تا دوا جار چارەنووسی ئەو ئەندامانەی خێزانەکانیان دەربکەوێت کە بوونەتە قوربانی و لانی کەم بچووکترین ئاستی ئارامیی دەروونییان بۆ بگێڕدرێتەوە. بەشێوەیەکی سەرەتایی، (س) بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندیی دەربڕی کە لەم چیرۆکەدا باسی بکرێت. بەڵام ماوەیەکی کورت پێش بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە پێیڕاگەیاندم کەوا هەڕەشەی کوشتن لە خۆیو خێزانەکەی کراوەو بەو هۆیەوە گەڕانەوەکەی بۆ وڵات دواخستووە. بەپێی ئەو زانیارییەی لە لێکۆڵەرەوەکانەوە دەستمکەوتووە کاتێ کە لە عێراق بووم بە زۆری ئەم هەڕەشانە لەلایەن سوننە پشتیوانەکانی سەددام حوسێنەوە دەکرێ کەوا لە هەوڵو کۆششدان بۆ شاردنەوەی بەڵگەکانی دژ بە دیکتاتۆری جاران.

لە کاتی سەردانەکەمدا بۆ مەیتخانە بچووکەکە عێراقییەکانم بینی شان بە شانی ڕاهێنەرە بەریتانییەکان کاریان دەکردو خۆڵیان دەبێژایەوە بۆ دۆزینەوەی پارچە ئێسقانو خەریکی تاوتوێ کردنی فیلمەکانی تیشکبەرداری بوون بۆ دۆزینەوەی

بەڵگەی گوللەباران. (س) شتێکی بۆ باسکردم لەبارەی ئەوەی لە مێشکیدایەو باوەڕی پێیەتی کاتێ گەڕاوەتەوە بۆ وڵات و چۆن پلانی داناوە بۆ رەچاوکردنی ئەو ئەرکەی ئەمەریکییەکان جێبەجێیان کردووەو دەیوت»کۆمەڵگەی مەدەنی چەمکێکی نوێیە لە عێراقدا و بۆ ئێمەش داخو دەردمان بۆ مردووەکان کۆتایی نەهاتووە.بەڵێ مردووەکان مافیان هەیە و پێویستە دادپرسییان بۆ بکرێت، بەڵام مامەڵەی ئەمریکییەکان لەم رووەوەو کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ دادگایی کردن تەنها سەرەتایەو ئەمەی ئێمە دەیکەین بۆ ژیانە».

هیچ کەس ناتوانێ بە جیددی پرسیار بخاتە سەر حەزو خولیای (س) و ئاستبەرزیی ئامانجەکانی، بەڵام سەبارەت بە ئیدارەی بوشو نیازی بۆ کێشانەوەی پسپۆرە ئەمریکییەکان لە پاش دادگاییەکانی بەغدا هاوجووت بوو لەگەڵ هەڕەشەکردن بۆ سەر ژیانی (س) و جیاوازیی (س) و ئەو ژمارە کەمەی هاوکارە عێراقییەکانی دۆزینەوەی زیاد لەسەد هەزار قوربانی کوژراو ئاسوودەکردنی دڵەڕاوکێ خێزانەکانیان لە ناوجەرگەی شەڕو شۆڕێکی نەبڕاوەدا دەبێ بە کارێکی زۆر بایەخدار بژمێردرێت.

ئەمریکییەکان، بە هەموو توانای داراییانو پسپۆرانو کەرەستەو ئامێرو دابینکردنی ئاسایش تەنها ئامانجی زۆر دیاریکراویان بۆ خۆیان رەچاو کردبوو. لە عێراق من بە سواری هێلیکۆپتەرێکی بلاکهۆکی سوپای ئەمریکی چووم بۆ شوێن گۆڕە بە کۆمەڵێك لە بیابانی موسەنناى نزیك سنووری عەرەبستانی سعوودی، کە نزیکەی دووسەد میل لە باشووری بەغداوەیە. لەبەر هەستەوەریی لە ڕادە بە دەریان سەبارەت بە پاراستنی ئەو زانیاریانەی پەیوەندییان بە دادگایی کردنی سەددام حوسێنەوە هەیە، ئەو کاربەدەستە ئەمریکییانەی یاوەرییان دەکردم زۆر شارەزاییان نەبوو لەبارەی شوێنەکەوە هەر کە هێلیکۆپتەرەکە بە توندی لە بازنەیەکدا وەرچەرخایەوە چاوم کەوتە سەر زەریایەکی بۆری لم، کە خێوەتگەلێکی پەرتو بڵاوی سەربازی لەسەر هەڵکەوتبوو بە ئوتومبیل و بارهەڵگرەکانیانەوەو ئەم شوێنە کە پێیدەوترا کەمپ یان سەربازگەی بانکی بە بازنەیەکی چڕی کۆنتراکتەری تایبەتی ئاسایش دەور درابوو کە هەموو گەنجی دەمو دوو خۆش و بە نەزاکەت بوون بە چاویلکەی شووشەو قژی ستایلێ سەربازییەوە و چەکی ئۆتۆماتیکییان هەڵگرتبوو.

لەلایەکەوە تارایەکی تەڵخ سێبەری کردبوو بۆ چاڵێکی هەڵکوڵراو لە لمە نەرمو پۆدرە ئاساکەدا. رۆژی پێشتر ئەمریکییەکان لە کاتی چاڵ هەڵکەندن دا ژمارەیەك پەیکەرە ئێسکیان دۆزیبووەوە کە لاقو دەست تێکەڵ بووبوو بەسەریەکدا و من نزیکەی بە 35 روفاتم دادەناو زۆربەیان لوولاقیان لە ئەژنۆوە بە پێچەوانەوە شکا بووەوەو ئیسقانی باسکیان کەوتبوو بەسەریەکدا. کەشو هەوای وشك لێرە بەشێوەیەکی ناسروشتی پارێزگاریی لە روفاتەکان کردووەو تەواوی پەیکەرە ئێسکەکانی وەك خۆی هێشتووەتەوە کە زۆربەی جلوبەرگە ئاڵاو واڵاکەیان بە شینو سوورو زەردو پرتەقاڵییەوە لەو جۆرانەن کە ژنی کورد حەزی لێیانە. هەندێك لە کەللە سەرەکان هێشتا هەر بە قژە سەری درێژ

داپۆشرابوون. یەکێکیان تاقمێك ددانی دەستکرد بە کاجێرەیدا هەڵواسرابوو و ریچی دەکردەوە. یەکێکی تر لای برپرە ئێسکی ملیەوە ملوانکەیەکی موورووی دەسکرد هەڵواسرابوو، چاڵی چاوەکان بە ترسەوە لە منیان دەڕوانی، شەویلاکو کاجێرە لە شوێنی خۆیان ترازابوون. لەنێو ئێسقانەکاندا کەرەستەو شتی سادەی ژیانی رۆژانە پەرتو بڵاو بووبوونەوە چەشنی سەتڵە ماستی پلاستیکی سپی کە بەکاردەهات بۆ گواستنەوە شتو مەکیك لە بازار دەکڕدرا بۆ ماڵەوە، جانتاو توورەکەی دەستچنی دەزوو بۆ جلی منداڵان، گوارەو ئەنگوستیلە، ناسنامەی حکوومی، سەعاتی پلاستیکی، پێڵاوی زارۆ و کڵاو قۆچکەی منداڵان.

مایکڵ تریمبڵ (سۆنی) لە فەیلەقی ئەندازیاری بەرپرسی تیمی فۆرێنسیکە.ئەو لە وڵاتیش سەرپەرشتیاری پەیکەرە ئێسکی شۆرەتداری  پیاوەکەی کێننەویك ( Kennewick Man) ە کە تەمەنی نۆ هەزارو دووسەد ساڵەو ساڵی 1996 لە قەراخ رووباری کۆڵۆمبیا لە نزیك کێننەویکی واشنتۆن دۆزراوەتەوە. تریمبڵ زۆر ناسراوە لە بواری کارەکەیدا و چاودێریو سەرپەرشتی چەندین تەرم و روفاتی لە گۆڕ دەرهێنراوی کردووە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاو بۆسنیادا. ئەو دەیوت»ئەم خەڵکە لێرەدا 15 – 17 ساڵ لەمەوپێش کوژراونو گۆڕەکان بە دەمە شۆفڵ هەڵکەنراون کە هەر یەکەیان 10 – 11 پێ پانو 35 پێ درێژنو دە تا سیانزە گۆڕی لەم چەشنە لەم شوێنەدا هەن، کە تێکڕا هەزارو پێنجسەد تەرمیان لەخۆ گرتووەو بە گوێرەی جلو بەرگەکانیان هەموویان کوردنو هەموویان بە چەکی AK-47 واتە کڵاشینکۆف – و) دەسرێژیان لێکراوەو ئێمە لە قەراخی چاڵەکاندا قەوانە فیشەکێکی زۆرمان دۆزییەوە. پرۆسەی کوشتنەکە بەشێوەیەکی رێکوپێك بەڕێوەچووە.

هەر کاتێ تریمبڵو پسپۆرە ئەمریکییەکانی وڵاتەکە بەجێبێڵن ئەوە عێراقییەکان بەرەورووی کێشەیەکی گەورە دەبنەوەو چون ناکۆکییە نیشتمانییەکانو چەندین دەیەی رقو کینەی ئیتنیکی چارەسەر دەکەن. کەنعان مەکییە، کە نووسەرو پرۆفیسۆرێکی عێراقییە لە بەشی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەر بە زانکۆی براندیس، یەکەم هەنگاوی ناوە لەم بوارەداو سەرۆکایەتی دەزگایەك دەکات (واتە دەزگای یادەوەریی عێراقی– و) کە ملیۆنەها بەڵگەنامەی حکومەتی کۆ کردووەتە کەوا پەیوەندیدارن بە کۆمەڵکوژییەکانەوەو زۆرێکیان لە داموو دەزگای پۆلیسی نهێنی (ئەمن) بەدەستهاتوون لە رۆژانی گەرماوگەرمی دوای رووخانی سەددامدا. بەڵام هەندێك بەڵگە بێمەبەستانە زیانیان پێگەییوە لەو کاتەدا کە عێراقییەکان بە دەمە شۆفڵو پاچو بێڵ گۆڕەکانیان هەڵداوەتەوە بەشێوەیەکی دڵگەرمانە بۆ دۆزینەوەی روفاتی خزمو کەسوکاری لەدەسچوویان.

مەکییە دەڵێ» بەڵگەو سەلماندن بۆ دادگایی کردن تەنها بەشێکی بچووکە دەبێت ئەنجام بدرێتو ئامانجە سەرەکییەکە نەك نمایش کردنو سزادانی تەواوی سیستەمەکەی حوکومەت بێت. تۆ دەبێ ئەوە بخەیتە مێشکتەوە کەوا تا ڕادەیەك

هەموو عێراقییەکان لەم سیستەمەدا تێوەگلاونو بەسەر یەکترەوە سیخورییان کردووەو راپۆرتیان لەیەکتر داوە. ئێمە هەمووومان، بە کوردو شیعەو سوننەوە، دەبێ پێ لەو هەلومەرجانە بنێین کە من ناوی لێدەنێم چیرۆکەکانی ناکۆکیو پارچەپارچە بوونو کە بوون بە مایەی بەرپرسیارێتیی تاکو دەبێ دان بە تێوەگلانی خۆماندا بنێین. بە پێچەوانەوە هەرگیز برینەکانمان سارێژ نابێتو کێشەکان بێ چارەسەر دەمێننەوە».

داهاتووی عێراق بە تەواوی نازانرێت چۆن دەبێت لە کاتێکدا یاخیبوون سەرانسەری وڵاتی گرتووەتەوەو کەس بە جیدی ناتوانێت ئەم بارە قووڵەی ئاشتیو ئاشتەواییە تێبگاتو بەرەو کوێ دەچێت. بەڵام ئاخۆ عێراقییەکان بەرەورووویان دەبنەوە، وەك چۆن خەڵکی باشووری ئەفریقیا لە ساڵانی 1990 کاندا کردیانو ئەم پرسیارەیان بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

بەو فرۆکە هێلیکۆپتەرەی لە موسەنناوە پێی گەڕامەوە بۆ بەغدا 42 توورەکە پلاستیکی لۆککراومان لەگەڵ خۆمان هێنا کە هەر یەکەیان ئەو پاشماوەو ئێسکو پرووسکەی تێدابوو کە لە گۆڕەکان دەرهێنراونو ڕادەستی تیمەکەی کەمپی سڵایەرمان کردن.

من لێرەدا بەردەوام پرسیارێك مێشکی دەگوشیم ئاخر ئەو هەڵەو ناتەواوییەی مرۆڤایەتی چییەو لە کوێدایە کەوا ڕێگە دەدات جینۆساید چەند بارەو جار لە دوای جار خۆی دووپات بکاتەوە؟ زۆر لە جینۆسایدەکان لەم چەرخەی ئێستاماندا بەرپا بووەو زیاد لە هەر چەرخێکی تر.هەروەها لە کاتێکدا ڕوویانداوە کە ئێمە وەك دەوترێت لە جیهانی شارستانیدا دەژین، بە گومان بین لێی یان ڕەتیبکەینەوە. حاڵەتەکە هەر بەم چەشنە بووە لە عێراقیشدا.

لە دیدی ئیلی ویسڵی شاعیرو خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵەوە ئەوانەی کەمتەرخەمو بێباکن، هەر گوناهبارن وەك بکوژان. ویسڵی ئەوەی پێوتم» من زۆر باش لەو تراجیدیایە تێدەگەم، چونکە بە شەخسی تێیدا بووم، ئەویش هۆلۆکۆست بوو کە جیاوازیی نەکرد لەنێوان بکوژانو تەماشاکەراندا. تۆ چۆن دەبێتە تەماشاکەر؟ ئێمەی جوولەکە نەك بە داخ و دەردی ئەو سزاو ئەشکەنجەیەوە دەتلاینەوە کە ئەنجامدەران بەسەرماندا سەپاندبوویان بەڵکو بە هەمان شێوە بە کەمتەرخەمیو بێباکی دۆستەکانیشمان دەتلاینەوە. ئەو خەڵکەی ئێمە کە لە کەمپەکاندا حەشار درابوون لەو دەمەدا لەوە گەیشتبوون کەوا دۆستەکانمان گێلو نەزان نین بەڵکو بێباکو کەمتەرخەمن، بۆیە تا پەڕی ئەو پەڕ نائومێدی دایگرتبووین».

لێرەدا ویسڵ، کە پێدەچێت باشترین کەسی جیهان بێت لە دەسەڵاتی نامرۆڤانەی مرۆڤ تێگەیشتبێت بەرامبەر بەهاو ڕەگەزی خۆیو دەڵێ کەوا هەندێ هۆکار هەن باوەڕیان پێبێنێت کە ئەو کارەی لەگەڵ قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی

عێراقدا کراوە رەنگە یارمەتیدەر بن لە دڵنیابوون لەوەی کە لە سەدەی بیستو یەکدا کەمتر توندوتیژی بەرپا بێت لەوەی کە لە سەدەی پێشتردا ڕوویدا. هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە» لەو ساتەوەختەدا کە تۆ ناوێك ناونیشانێك دەدەیتە نەك تەنها قوربانییەکە بەڵکو بکوژەکەشی، ئەوە خەڵك بە تێگەیشتنێکی گەورەتر بە دەمتەوە دێن. ئەمە بەشێوەیەك لە شێوەکان دیاردەکە سنوردار دەکاتو لە سەرێکیشەوە بە پێچەوانەوە ئاڵۆزەو تێگەیشتنی ئاسان نیە بەهۆی قەبەیی ژمارەو گەورەیی حاڵەتەکەوە»

توانای ویسڵ بۆ گفتوکردن لەسەر ژیان لە تاریکترین خاڵیدا لەگەڵ خۆشیو ئاسوودەییە دیارەکانیدا، وامان لێدەکات هەموو رۆژ بکەوینە مشتومڕەوە تا ئاستی بێورەیی. بەڵام پێدەچێت ئەو باشترین کەسی گەشبین بێتو لانی کەم باشترین کەسی پڕ لە هیوا بێت کە من قسەم لەگەڵ کردبێت. ویسڵ دەڵێت» تەنها بنیادەمە کە دەتوانرێ بمگەیەنێتە نائومێدیو بەڵام تەنها بنیادەمیشە کە دەتوانێ لە نائومێدی رزگارم بکات».

سەرچاوە: گۆڤاری ناشناڵ جوگرافیك کانوونی دووەمی 2006